# نامەیەک لە عومەر جەلال حەوێزی یەوە بۆ م. عەبدولمەجید شێخ نوورەددین جەلی

**ئا: سەرنووسەر**

٥/ ٧/ ١٩٧٧

شێخم مامۆستای زانا، هێمن دانا، کاکی دلاوەری توانا

هەر بژین بەختەوەر بن

لە یەزدانی پاک و بێ هەمتامان داوایە کە هەمیشە لەوپەڕی بەزم و هەتاهەتایێ ڕەزم و ساغی پێخەتان بەرنەدا و هەر هۆگر و هاودەمتان بێت و میوە بەتامەکانی بەری باغچەی کۆزی پێگەیشتووتان بۆن و تام و تێری لێ بخۆن، هیوادارین گوزەران و ڕابوردنتان ڕۆژ بە ڕۆژ خۆشتر بێ و هیچ کۆسپەیەک نەکەوێتە بەرپێتان و نەیێتە پێشتان.

میرم.. ئەوەی ڕاستبێ و ڕاستەقینە بێت، تامەزرۆین بۆ دیتنی دیمەنی «کۆیێ» و خزمان، شاری حاجی و جەلیزادە و حەوێزی زادەی بەناوبانگ.

وابزانم ئێواران بە پیاسەیێکی تەڕ و پڕ پێکەنین و سوعبەت لەگەڵ خزمان و دۆستانی ڕووخۆش و هێسک سووک، لێوەشاوە و سوعبەتچی بەرەو دەرەوە تەشریف ئەفەرموون، ڕەنگە یێکەمین قۆناغتان سەر شاخی قۆنگرێ بێ، بەرامبەر هەیبەسوڵتانی بەهەیبەت و باواجی بەوەج، ئەودیویان سازگار و ئەم دیویان ساکار، چاوتان بەداروباری ڕەز و باغچە سەوزەکان ڕۆن و گەش ئەبێتەوە، شنەبای باواجی کە بە ڕەقس و سەماوە بەسەر مەرقەدانی لێ خۆشبووان جەنابی مەلای گەورە، دەریای زانایی و سەرمایەی دانایی، مامۆستای مەزن خاڵە شێخی نوورانی و دەروێش خدری پیاوچاک ڕوو ئەکاتە دوکانی گوڵ و ڕەیحانی نێو باغان، ئەوجا بەم دیارییە بۆن خۆشەوە دێت دەیخەنە باوەشەوە، دەماغی پاک و خاوێنی پێ زاخاو، ئاودار ئەکەنەوە، جا ساڵدانە ساڵدانە بەرەو شاخی کۆیلی بە بناری گەڕەکی سەرباغ، ڕۆخ ئۆمەرخچان سەیرانگای گشت و شاخی مشکە شوێنی ساوار و سەیرانی کیژوکاڵانی پاییزان، لەوێشەوە بەرەو شانشینی نوێ وردە وردە گوزەر ئەکەن، لەم میانەدا سەرتان کاس دەبێ و چاویشتان گەش لە پێکەنین و قەهقەهە و دەنگە سۆزی مۆسیقاوی پەریخانان و گوڵعوزارانی سەر باغ و ناڵەی بلبلانی غەمناکی دڵدار و خوێندنی قومری و کۆترە باریکە و جریوەی چوێلەکە و خەزایی ناوڕەزان و خوڕە خوڕی بە عاستەمی ڕووبار و لە عاسمانی سەرەوەشتان هاواری پەڕەسێلکە و تەیرە حەبابیلە و ئەو تەیر و توانەی بەرەو هێلانە و

بێچووەکانیان ئەڕۆنەوە، دە توخدا ئەم بەزمە هەزار چاڵغی بەغدا و ئاهەنگی کەلسووم و دیلانەی تیپی کۆنی مەلا ئەسعەد و سێوە و قالە کەچەر و حەمەدی کەریمی کە لەکاتی بووک دەگوێزرێتەوە و بە سواری ماینی حدوود، لەسەربانی دەرگای ماڵی زاوا، زاواش بە برازاوە لەناویان دادەنیشێ و تێهەڵدەکەنە دیلانە و گۆیبیندەی «شەماڵ وەرە فێنکی دڵم، قاقەز بەرە لەبۆ گوڵم، گوڵ نەخۆش بێ من ئەمرم، یاخود دیلانەی «لەبەر نازی چاو بازان خواردن و خەوم زووخاوە، بە تیری تیرئەندازان چ بکەم جەرگم براوە.

بە قوربان و باڵگەردان چۆن ناکەی؟ سەرێکی لە کۆشکی نوێ و پیرۆز ئەدەن، ئەوجا ڕوو ئەکەنە خیابانی «شەقامی گەڕەکی کۆمەڵە» جەمعیە و بەرەو شار ئەگەڕێنەوە. لە ڕاستی غەریبان و سنووری ئاغەری کەریمی قاوەچی و خێراتان، بەرەو گۆڕستانی عارەبیان بە شنە و سروەی شەماڵی بەهەشتی کە بەسەر گۆڕانی لێ بەخشان حاجی بەکراغای خاوەن مزگەوتی گەورەی مێژوویی متفەڕک و ئەختەری خودان دیوەخانی بە بەزموڕەزم و جەحێر و جەوانانی دەنگخۆش و ڕووخۆش و جەمیل ئاغای خاوەن قۆناغی سەردار و هەژاران، شوێنی شیعر و ئەدەب، وێر و ڕێز، زیافەت و داوات و کاک نافیزی جوانەمەرگ «قەهرەمانی کوردستان»، جا دووبارە دەماغتان کاستر ئەبێتەوە، هەر کەسە ئەوساکە ڕوو لە گوزەر و ماڵی خۆی ئەکاتەوە، پاش حەسانەوە و تاعەتی یەزدان، چی بە نەسیب بێ، نۆشی ئەکا و هەندێ لەگەڵ تەلەفزیۆنی ڕەنگاوڕەنگ، لەگەڵ کوڕیان و میوانان ڕائەبوێرن، ئەبێتە شەو، ئێمەش لە کانگەی دڵەوە ئەڵێین ئیتر شەوتان باش، بە خەوێکی سووک و خەونێکی خۆش و هەڵسانێکی زوو لەگەڵ مەلا بانگدان و هەڵاتنی سیوەیل و دەرکەوتنی شەفەق، پاش نوێژ و تەسبیح و سەڵەوات و پاڕانەوە لە یەزدانی بێ نەزیر و هەمتا، تێکڕا دەورەی سینی بەرچایی ئەدەن «ماست، سەرتوو، کەرە، پەنیری ڕەندە کرای» سەماواری وەرشەوی قاز و بازووی، قوری مسقۆفی سەر بە سەر قۆری گوڵدار و ئیستیکانی گوڵنار وەک بووکی تازە پێش پایەخانی هێمن داندراوە چای پێشکەش دەکا، جا پاش نۆش کردنی تاڵ و شیرین «چا» ئەو حەلە بلاو ئەبنەوە، ئێمەش بێینەوە سەر بەیتی بلەی خۆمان «پارەی قەمبەران» پارەیان نییە، وابزانم بە تایبەتی بۆوەی موافەقەتی وەزارەتی مالیە وەربگیرێ ئەنووسن، بێ گومان ئەدرێ و ئەیستێنین.

وابزانم کاک دانای دانا بیستوویەتی لە «توربە و ڕەی» کەوتووە، جێی پەڕ و شوداخ نییە، چونکە سوار نەگلێ و شەهادەی سواریش لە شۆڕەسواری پێبازۆکی کوخە سوارەی وەرنەگری و بۆی مۆرنەکا، نایێتە ڕیزەسواری دوازدە سواری مەریوان، ئیتر نووسراوی دیاری و یادگاریمان کۆتایی دێنین بە سەڵاوێکی زۆر و زەوەند و ڕێزی تایبەتیمان بۆ نەونەمامان و نەوجەوانانی پیرۆز و ئەوەی باڵی فریشتایەتی بەسەردا هێناون، هەروەها عەرزی حورمەت بۆ کاک عومەری چەلەبی چەلەنگ. (**)

**برای دڵسۆزتان**

**عومەر**

**(*) ئەم نامەیەمان لە ئەرشیفی م. تایەر ئەحمەد حەوێزی بەدەست کەوتووە، هەر بەهۆی دەسخەتی ئەویشەوە زانیمان بۆ م. عەبدولمەجید ئەفەندی شێخ نوورەددین جەلی نێردراوە.**

**(**) ڕێنووسی هەندێ وشەمان وەک خۆی هێشتەوە.**


Advocate
O. & Y. Hawaizy
Tel. Baghdad 5397
Kwiesanjaq 52